**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**وەزارەتی داد**

# یاسای دادنووسان
## ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨

## بەرکار و هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق
## بە یاسای ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠١٢

## لەگەڵ مادده یاساکانی تری پەیوەست
## بە کاری دادنووس

لەسـەر ڕاسـپاردەی بەڕێـز **( فەرسـەت احمـد عبـدالله )** وەزیـری داد، و دوای پێـداچوونەوە لەلایەن بەڕێـز خـاتوو **(شـیلان عـارف حـمە)** بریکـاری وەزارەت، ئەم نامیلکەیە چاپکرا.


ناوی نامیلکە : **یاسای دادنووسان**

ئامادەکردن و وەرگێڕان : مافپەروەر/ **بهرام صالح حمد** – ب. پەرەپێدان

دیـزایـنـی ناوەرۆک: مافپەروەر/ **سمیر عمر علی** – ب. رۆژنـامـەی فـەرمـی

چاپی یەکەم :**٢٠٢٤**

تیراژ: ٥٠٠ دانە



**سەرجەم مافەکانی پارێزاوە**

**© ٢٠٢٤**

## پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | بەشی یەکەم: ئامانجەکان |
| ٦ | بەشی دووەم: پێکهاتەی کارگێڕی |
| ١١ | بەشی سێیەم: ئەرکەکانی دادنووس |
| ١٦ | بەشی چوارەم: ڕێکارەکانی ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردن |
| ٢١ | بەشی پێنجەم: تۆمارکردنی ئامێرەکان |
| ٢٥ | بەشی شەشەم: حوکمی سەنەدی ڕێکخراو و دۆکیومێنتکراو |
| ٢٨ | بەشی حەوتەم: حوکمە کۆتاییەکان |
| ٥٣ | مادده یاساکانی تری پەیوەست بە کاری دادنووس |


## فهرست


| الصفحة | الموضوع |
|---|---|
| ٣٣ | الفصل الاول: الاهداف |
| ٣٤ | الفصل الثاني: التشكيلات الادارية |
| ٣٨ | الفصل الثالث: مهام الكاتب العدل |
| ٤٢ | الفصل الرابع: اجراءات التنظيم والتوثيق |
| ٤٦ | الفصل الخامس: تسجيل المكائن |
| ٤٩ | الفصل السادس: حكم السندات المنظمة والموثقة |
| ٥١ | الفصل السابع: أحكام عامة |

## پێشەکی

لەم نـامیلکەیەدا یاسـای دادنووسـان ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ وەرگێـڕدراوەتە سـەر زمـانی کـوردی، و دەقە کـوردیەکە و دەقە عەرەبیەکە لە خـۆ دەگرێـت، و ئەو هەمـوارکردنەی کە لە دەقـی یاسـاکەدا ئەنجامـدراوە، لە کـوردیەکە و لە عەرەبـیەکە نیشانەکراوە و ئامـاژەی پێـدراوە، و پاشـکۆیەک تەنیـا بە زمـانی کوردی دانراوە کە زۆر بە کورتی ئاماژە بە یاسا پەیوەستەکان بە کـاری دادنـووس و مـاددە یاسـاییەکانیان دەدات، و مەبەسـت لە تەواوی ئەم کارە بریتییە لە کۆکردنەوەی دەقە یاساییەکان و کار ئاسانی بۆ دادنووسـان و فەرمانگەکـانی دادنـووس لە هەرێـم لە گەیشتن بە سەرچاوە یاساییەکان.

پاڵپشـت بە حوكمەكـانی بـڕگەی (أ) لە مـاددەی (٤٢)ی دەسـتور، ئەنجـومەنی سـەركردايەتی شـۆرش بريـاردا بە دەركردنـی ئەم ياسايەی خوارەوە:-

# ياسای دادنووسان

## ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨

### بەشی يەكەم
### ئامانجەكان

**مادده (١):**

ئامانجەكانی ئەم ياسايە بريتييە لە:-

**يەكەم**: ڕێكخستن و دۆكيومێنتكردنی هەڵسوكەوتە ياساييەكان و جێگيركردنـی ئەو مافـانەی كە لێـی پەيـدا دەبێـت و پێدانی خەسڵەتی فەرمی پێيان.

**دووەم**: گرێنتی پاراستنی هەڵسوكەوتە ياساييەكان كە لەلايەن دادنووسەوە ڕێكدەخرێت و دۆكيومێنت دەكرێت.

**سـێيەم**: ڕێكخسـتنی شـێوازی كـاركردن لە فەرمانگەكـانی دادنـووس لەسـەر بنەمـای كردەيـی بەشـێوەيەك كە دەسـتەبەری وردی و خێرايـی لە ئەنجامـدانی كارەكـان بكات.

## بەشی دووەم
## پێکهاتەی کارگێڕی

**مادده (٢):**

**یەکەم**: فەرمانگەیەک بە ناوی فەرمانگەی دادنووسان پێکدەهێنرێت و بە وەزارەتی داد دەبەسترێتەوە.

**دووەم**: کەسێک بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی دادنووسان بەڕێوەدەبات کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا و خزمەتی لە بواری دادوەریی یان یاسایی لە (١٢) ساڵ کەمتر نەبێت.

**مادده (٣):** [١]

**یەکەم**: فەرمانگەی دادنووسان لەم بەشانە پێکدێت:-

أ- بەشی کاروباری یاسایی.
ب- بەشی کاروباری کارگێڕی.
ج- بەشی کاروباری دارایی.
د- بەشی پلاندانان و ئامار.

**دووەم**: ئەرکی بەشەکانی فەرمانگە و مەرجەکانی ئەو کەسەی بەڕێوەی دەبات بە ڕێنمایی دیاری دەکرێت.

---

(١) بۆ زانیاری، لە یاسای جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠١٢، ماددەیەک بە زنجیرەی مادده (٣) هاتووە کە ئەمە دەقەکەیەتی ( دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، جێگەی دامەزراوە و فەرمانگەکانی ناوەندیی و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، لە هەر شوێنیکی ئەم یاسایەدا هاتبن، دەگرنەوە).

**مادده (٤):**

له فەرمـــانگەی دادنووســـــان دەســـــتەیەکی ڕاوێژکـــاری بە ســـەرۆکایەتی بەڕێـــوەبەری گشـــتی و بە ئەنـــدامیەتی دوو لە دادنووســان و دوو لە بەڕێــوەبەری بەشــەکان پێکــدەهێنرێت و کارەکانی بریتی دەبێت لە:-

**یەکەم**: دیـــــاریکردنی تایبەتمەنـــــدییەکانی دادنـــــووس لە دۆکیومێنتکردنی مامەڵەکان، لە کاتی پەیدابوونی ناکۆکی و بەربەرەکانێ لەسەری.

**دووەم**: پێشنیازی پێکهێنانی (کردنەوە)ی فەرمانگەی دادنـووس یـــان تێکەڵکـــردنەوەی لەگەڵ فەرمـــانگەیەکی دیـــکەی هاوشێوە یان هەڵوەشاندنەوەی.

**سێیەم**: پێشـنیازی پێـدانی دەسـەڵاتی دادنـووس بەو کەسانەی مەرجە یاساییەکانی هاتوو لەم یاسایەیان تێدایە.

**چوارەم**: دیراسە و ڕادەربڕین لەهەر مامەڵەیەک کە بەڕێـوەبەری گشتی ڕەوانەی دەکات.

**مادده (٥):**

**یەکەم:** لە ناوەندی هەر پارێزگایەک، فەرمانگەیەکی دادنووس یان زیاتر پێکدەهێنرێت.

**دووەم:** دەتوانرێت لە قەزا یان ناحیە، فەرمانگەی دادنووس پێکبهێنرێت.

**سێیەم:** لە هەر فەرمانگەیەکی دادنووس دادنووسێک یان زیاتر بەپێی پێویست دادەمەزرێن و بەڕێوەبەری گشتی پەیوەستبوونی یەکێکیان بەوەی تریان لە ڕووی کارگێڕیەوە دیاری دەکات.

**چوارەم:** دادنووس لە ناوەندی پارێزگا بە فەرمانگەی دادنووسان دەبەسترێتەوە.

**پێنجەم:** فەرمانگەکانی دادنووس لە قەزا و ناحیە، بە فەرمانگەی دادنووس لە ناوەندی پارێزگا دەبەسترێنەوە.

**شەشەم:** کردنەوە یان لێکدان یان هەڵوەشاندنەوەی فەرمانگەی دادنووس بە بەیانێک دەکرێت کە وەزیر دەری دەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.

**مادده (٦):**

دادنووس بە فەرمانێک لەلایەن وەزیرەوە دادەمەزرێت و دەبێت ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت، سەرباری مەرجە گشتیەکانی دامەزراندن:-

**یەکەم**: هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا.
**دووەم**: تەواوکردنی خولێک لە پەیمانگەی دادوەری کە ماوەکەی لە (٣) مانگ کەمتر نەبێت.
**سێیەم**: وەزیـر دەتوانێـت، یاریـدەدەری دادوەری کە دەسـەڵاتی دادنـووس پێیـدراوە، بە دادنـووس دایمەزرێنێـت، ئەگەر هـاتوو مـاوەیەک بەسـەر دەسـەڵات پێـدانەکە تێـپەڕێ کە ماوەکە نابێت لە ساڵێک کەمتر بێـت، وەکـو بەدەرکردنێـک لە حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە.

**ماددە (٧):** [٢]

-وەزیـری داد بـۆی هەیە دەسـەڵاتی دادنـووس بـداتە ئەنـدامی داواکـاری گشــتی یــان جێبەجێکـاری دادی یــان بەڕێــوەبەری چـاودێری ناکامـان بە مەرجێـک مـاوەی پیادەکردنیـان بـۆ کـاری یاسایی لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت.
- وەزیری داد بۆی هەیە دەسەڵاتی دادنووس بداتە لێکۆڵەری داد یان یاریدەدەری دادوەری لە نێوان کارمەنـدانی وەزارەتەکەی بە مەرجێـک مـاوەی پیادەکردنیـان بـۆ کـاری یاسـایی لە دوو سـاڵ کەمتر نەبێت.

---

(٢) دەقـی مـاددەی (٧) لە یاسـای دادنووسـان ژمـارە (٣٣) سـاڵی ١٩٩٨، بەشـێوەیەکی نەدرکێنـراو هەڵوەشێنراوەتەوە، ئەو دەقەی سەرەوە بەپێی ماددەکانی (٥) و (٦) لە یاسای جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨لە هەرێمـی کوردسـتان – عێراق، ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠١٢، جێگەی ئەویان گرتووەتەوە.

**مادده (٨):**

دادنووس یان یاریدەدەری دادوەری کە دەسەڵاتی دادنووسی پێدەدرێت، پێش دەستبەکاربوونی، ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەم وەزیر یان یەکێکی دیکە کە وەزیر دەسەڵاتی پێداوە، دەخوات.

**((سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کارەکانی فەرمانبەریەتیم و پیادەکردنی یاساکان دادپەروەرانە جێبەجێ بکەم)).**

**مادده (٩):**

بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەتی پەیوەندار یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان ئەوانەی دەسەڵاتیان پێدەدات لە فەرمانبەرانی یاسایی، هەڵدەستن بە پەسەندکردنی گرێبەستەکان و بەڵێننامەکان و دەستەبەرییەکانی پەیوەست بە وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت لە جیاتی دادنووس.

**مادده (١٠):**

کونسوڵی عێراق بە دادنووس دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە.

## بەشی سێیەم
## ئەرکەکانی دادنووس

**مادده (١١):**

دادنووس ئەم کارانە ئەنجامدەدات:

**یەکەم**: ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردنی هەموو هەڵسوکەوتە یاساییەکان، جگە لەوانەی کە بە دەقێکی تایبەت بەدەرکراون، و مەبەست لە ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردن ئەمانەیە:-

أ- **ڕێکخستن**: بەگوێرەی داواکاری لایەنی پەیوەندار و ڕاستەوخۆ لەلایەن دادنووسەوە سەنەدێک دەنووسرێت لەسەر پەڕاوێک کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، بە لەبەرچاوگرتنی دەقنووسە یاساییە تایبەتەکانی هاتوو دەربارەی ئەمە.

ب- **دۆکیومێنتکردن**: دادنووس، واژۆ یان پەنجەمۆری لایەنە پەیوەندارەکان لەسەر سەنەدێک کە بە خۆیان ڕێکیان خستووە و دان بە ناوەڕۆکەکەی دەنێن، پەسەندی دەکات.

**دووەم**: ڕاستاندنی بریکارنامەکان.

**سێیەم**: ڕاستاندنی وەرگێڕان، ئەمەش دوای ئەوەی وەرگێڕ سوێند دەخوات لەسەر ڕاستی وەرگێڕانەکە.

**چــوارەم**: تۆمــارکردنی ڕەفتــارە یاســاییەکانی تــایبەت بە ئامێرەکــان، بەپێــی ئەو ڕێکــارانەی کە دەقنووســکراوە لەسەری لەم یاسایەدا.

**پێـــنجەم**: ڕاســـتاندنی توانـــای دارایـــی دەســـتەبەر بـــۆ دۆکیومێنتکردنی دەستەبەرییەکان بەم شێوەیە:-

أ- ئەگەر دەســتەبەر پشــتگیریەکی لەســەر توانــا دارایــیەکەی پێشکەش کرد کە لەلایەن لایەنی ڕێگەپێـدراو بەمە و بەپێـی حوکمەکانی یاسای تایبەت بەخۆیان بۆی کرابێت.

ب- ئەگەر هاتوو دەسـتەبەر لە فەرمـانبەرانی دەوڵەت بـوو یـان خانەنشـین کرابـوو لە دوای پشـتگیری فەرمـانگەکەی ئەوا دەستەبەریەکە بە گوژمەیەک دیـاری دەکرێـت کە نابێـت لە کۆی مووچە و دەرماڵەی جێگیری یەک سـاڵ زیـاتر بێـت کە وەریدەگرێت.

ج- ئەگەر دەســتەبەر دەســتەبەریەکی مــاڵینەیی یــان بــانکی پێشکەش کرد.

**شەشەم**:دادنووس بۆی هەیە، بەگوێرەی قناعەتی خۆی، توانـای دارایــی دەســتەبەر (کفیــل) لە ســنووری (١,٥٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە، پشتگیریی بکات. (٣)

(٣) دەقی بڕگەی شەشەم لە ماددەی (١١) لە یاسای دادنووسان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨، لەکارخراوە، ئەو دەقەی سەرەوە بەپێی مـاددەی (٤) لە یاسـای جێبەجێکـردن و هەمـوارکردنی پیـادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣) سـاڵی ١٩٩٨لە هەرێمـی کوردسـتان – عێـراق، ژمـارە (١٦) سـاڵی ٢٠١٢، جێگەی ئەویان گرتووەتەوە.

**مادده (١٢):**

ئەگەر دەستەبەر خانووبەرەیەکی دانا وەکو گرێنتی قەرزێک، دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکرێت:-

**یەکەم**: دادنووس، لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە داوای پشتگیری بەخاوەنبوونی خانووبەرەکە و دەرخستنی مافیماڵینەیی ڕەسەن و پاشکۆ و گلدانەوە لەسەری گەر هەبێت لەگەڵ وێنەیەکی نوێ لە تۆماری خانووبەرەکە دەکات.

**دووەم**: فەرمانگەی دادنووس ڕەزامەندی لایەنی داواکاری دەستەبەری وەردەگرێت، لە کاتی بوونی قەرز یان نیشانەی گلدانەوە لەسەر خانووبەرەکە بۆ دیاریکردنی قەبارەی قەرزەکە.

**سێیەم**: دادنووس داوا لە فەرمانگەی خانووبەرە دەکات کە دانپێدانانی دەستەبەر وەرگرن لەسەر دانانی خانووبەرەکە وەکو گرێنتی قەرزەکە و دانانی نیشانەی گلدانەوە لەسەر خانووبەرەکە و ئاگادارکردنەوەی بەمە.

**چوارەم**: دادنووس دەستەبەریەکە پەسەند دەکات و وێنەیەکی بۆ فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە دەنێرێت، و ئەم دەستەبەریە حوکمی بارمتەی دڵنیایی هەیە.

**مادده (١٣):**

**یەکەم**: دەستەبەری بە داواکارییەکی لایەنی سوودمەند لێی کە ئاراستەی فەرمانگەی دادنووس دەکات یان بە حوکمێکی دادوەریی هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**دووەم**: بە تێپەربوونی (١٥) پازدە ساڵ بەسەر دۆکیومێنتکردنی دەستەبەری و نەهاتنی پشتگیری لەلایەن سوودمەند بە هەڵوەشاندنەوەی، یان ئەگەرهاتوو ئەو لایەنە نادیار بوو، ئەوا گوژمەی دەستەبەریەکە بە ئەمانەت سپاردەی گەنجینەی دادنووس دەکرێت، کە تایبەتە بە ناوی لایەنی سوودمەند، دواتر دەستەبەریەکە هەڵدەوەشێنرێتەوە، و گوژمەکە دوای تێپەربوونی ماوەی یاسایی دەگوازرێتەوە گەنجینەی دەوڵەت.

**مادده (١٤):**

**یەکەم**: دادنووس سپاردەی نەختینەیی و ماڵینەیی و سەنەد وەردەگرێت بەم شێوەیە:-

أ- سپاردن بە گوێرەی مەرجەکانی سپاردن کە لەلایەن سپاردەر دانراوە وەردەگیرێت.

ب- دادنووس دەتوانێت سپاردەکە لەسەر تێچووی سپاردەر لەلای کەسی سێیەم دانێت.

ج- نابێت سپاردە دوور لە مەرجەکانی سپاردن ڕادەست بکرێت.

د- سپاردەر ناتوانێت سپاردەکە بکشێنێتەوە، دوای پێڕاگەیاندنی بەو کەسەی کە سپاردەکە بۆ بەرژەوەندی ئەو دانراوە، تەنیا بە ڕەزامەندی یان بە حوکمێکی دادوەریی.

**دووەم**: دوای تێپەڕبوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر سپاردنی گوژمەی نەختینەیی و نەهاتنی خاوەن پەیوەندی، دوای پێڕاگەیاندنی بۆ وەرگرتنی، ئەوا بە داهات بۆ گەنجینە تۆماردەکرێت.

**مادده (١٥)**:نابێت دادنووس ئەم کارانە بکات:-

**یەکەم**: ڕێکخستن یان دۆکیومێنتکردنی ئەو سەنەدانەی کە بۆ خۆی یان هاوژینی یان زاوای یان خزمەکانی تا پلەی سێ دەگەڕێتەوە، یان دەستنیشانکردنی یەکێک لەوان بە گەواهیدەر یان بە شارەزا یان بە وەرگێر.

**دووەم**: ڕێکخستن یان دۆکیومێنتکردنی هەر سەنەدێک کە سەرپێچی بێت لە حوکمەکانی یاسا یان سیستەمی گشتی و دابونەریت.

**سێیەم**: ڕێکخستن یان دۆکیومێنتکردنی گرێبەستەکانی پەیوەست بە خانووبەرە یان هەر ڕەفتارێکی تر کە یاسا بۆ بەستنی شێوەیەکی دیاریکراوی داناوە.

**چوارەم**: پێدانی زانیاری بەهەر لایەنێک، جگە لە لایەنەکانی پەیوەندار کە لە نێو تۆمارەکاندا هەیە، دەبێت بە داواکاریەکی لایەنی فەرمی یان دادوەریی بیدات پێیان.

## بەشی چوارەم

## ڕێکارەکانی ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردن

**مادده (١٦):** (٤)

**یەکەم**: زمانی فەرمی پێشکەشکردن و دۆکیو مێنتکردنی سەنەد لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، زمانی کوردی و عەرەبیە.

**دووەم**: زمانی ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردنی سەنەد لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا، زمانی کوردییە یان عەرەبییە.

**سێیەم**: دادنووس بۆی هەیە بە زمانێکی بیانی سەنەد دۆکیومێنت بکات و بینووسێتەوە، ئەویش لە دوای زانینی ناوەڕۆکەکەی لە ڕێگەی وەرگێڕێکی سوێندراو.

**مادده (١٧):**

**یەکەم**: سەنەد ڕێکدەخرێت و دۆکیومێنت دەکرێت بە نووسینەوەی بە دەستنووس یان بە ئامێری نووسین، و لە تۆمارێکی تایبەت تۆمار دەکرێت یان لە نێو ئەو نمونانەی کە لەلای وەزارەت باوەڕپێکراوە و بە ژمارەی لایەنەکانی پەیوەندار ئامادە دەکرێت، و دەبێت دادنووس وێنەی یەکەم لەو سەنەدەی کە دۆکیومێنتیکردووە لە دۆسیەی گشتی بیپارێزێت، کە بە تۆمارێک دادەنرێت بۆ ئەم مەبەستە.

(٤) دەقی ماددەی (١٦) لە یاسای دادنووسان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨، لەکارخراوە، ئەو دەقەی سەرەوە بەپێی ماددەی (٢) لە یاسای جێبەجێکردن و هەمووارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠١٢، جێگەی ئەویان گرتووەتەوە.

**دووەم**:وێـــنەی ئامـــادەکراو یـــان دۆکیـــومێنتکراو، کە واژۆی ڕەســـەنی لایەنە پەیوەنـــدارەکانی لەســـەرە، بە وێـــنەی ڕەسەن دادەنرێت.

**مادده (١٨):**

دادنـووس، نـاوی سیانی و نازنـاو و شـوێنی نیشـتەجێی لایەنە پەیوەندارەکان جێگیر دەکات لە نێو ئەو سـەنەدانەی کە ڕێکیـان دەخات و دۆکیومێنتیان دەکات.

**مادده (١٩):**

پاڵپشـــت بە بەڵگەنـــامە باوەڕپێکراوەکـــان کەســـەکانی لایەنە پەیوەنـدارەکان دەناسـرێن، و ئەمە لە نێـو سـەنەدەکە جێگیـر دەکرێت.

**مادده (٢٠):**

دادنووس لە کاتی ڕێکخستن و دۆکیومێنتکردنی هەر سەنەدێک لەسـەریەتی دڵنیـا بێـت کە پەڵەی سـەختەکاری یـان دەسـتکاری تێـدا نـیە، و دەبێـت ڕەتـی ڕێکخسـتن و دۆکیومێنتکردنیـان بکـاتەوە لە کـاتی بـوونی شـتێکی لەم بـابەتە یـاخود ئەگەر ڕوونبـــوویەوە کە مەرجەکـــانی هـــاتوو لە یاســـادا بـــۆ دۆکیومێنتکردنی تێدا نیە.

**مادده (٢١):**

دەبێـــت نووســـینەوەی ســـەنەدەکان ڕوون بـــن و دوور بـن لە کەم وکورییەکـانی کڕانـدن و زیـادکردن و خەتلێـدان و بۆشایی.

**مادده (٢٢):**

دادنووس ناتوانێت هیچ سەنەدێک ڕێکبخات یان دۆکیومێنتیان بکات، تەنیا دوای ئامادەبوونی لایەنەکـانی پەیوەنـدی بەخۆیـان یان جێگرەوەیان بەپێی یاسا، و دەبێت دڵنیا بیتەوە لە ناسنامەی هەمووان و لێهاتوویی و سیفەت و دەسـەڵاتیان و جێگیرکردنـی ئەمانە لە سەنەدەکە.

**مادده (٢٣):**

دەبێــت دادنــووس ســەنەدەکە بــۆ لایەنەکــانی پەیوەنــدار بخوێنێتەوە و ناوەڕۆکەکەیان تێبگەیێنێت ، و دوای ڕەزامەندیان و واژۆکردنیان لەسەر سـەنەدەکە و وەرگرتنـی ئەو ڕەسـمەی کە یاسـا داینـاوە، دادنـووس پەسـەندی دەکـات و بە مـۆری فەرمـی مۆریــان دەکــات و ڕێــکەوت بە پیێــت و بە ژمــارە بە یەکەوە دەنووسێت لەسەری.

**مادده (٢٤):**

ئەگەر یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندی نابیست یاخود لاڵ بوو، و نەتوانرا ناوەڕۆکی دۆکیۆمێنتەکەی تێبگەیێنرێت، ئەوا دادنووس لە ڕێگەی یەکێک لەو کەسانەی کە شارەزای هێما ڕاهاتووەکانیەتی و دوای سوێندانی بە ئامادەبوونی دوو گەواهیدەر و واژۆکردنیان لەسەر سەنەدەکە، بە ناوەڕۆکەکە ئاشنا دەکرێت و دڵنیا دەبێتەوە لە پشتگیری کەسەک بۆ سەنەدەکە.

**مادده (٢٥):**

ئەگەر یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندی نەتوانێت واژۆ بکات، ئەوا دادنووس ئەمە لە سەنەدەکە جێگیر دەکات لەگەڵ بەیانکردنی هۆکارەکەی بە ئامادەبوونی دوو گەواهیدەر و واژۆکردنیان لەسەر سەنەدەکە.

**مادده (٢٦):**

دادنووس، وێنەیەک لەو سەنەدانە یان دۆکیومێنتانەی کە دەسەڵات بە یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندی دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری یاسایی هەڵدەگرێت، ئەویش لە دوای سەیرکردنی وێنەی ڕەسەن و جێگیرکردنی لە سەنەدەکە.

**مادده (٢٧):**

دادنووس دەتوانێت پاڵپشت بە بوونی پاساوی شیاو، ڕێکخستن یان دۆکیۆمێنتکردنی سەنەد لە دەرەوەی فەرمانگەکەی و لەسەر داواکاری یەکێک لە لایەنەکانی پەیوەندی ئەنجام بدات.

**مادده (٢٨):**

دادنـووس بـۆی هەیە سـەنەدی فەرمـی تۆمـار نەکـراو لەلای پەسـەند بکـات، ئەویـش لە کـاتی نەتـوانینی پەسـەندکردنی لە فەرمـانگەی تایبەتمەنـد بەهـۆی پاسـاوێکی شـیاو، و دادنـووس وێـــنەی ســـەنەدەک هەڵـــدەگرێت، و ســـەنەدی فەرمـــی پێشکەشـکراوەکە و وێـنەی پەسـەندکراو ڕادەسـتی خـاوەن پەیوەندییەکە دەکات.

**مادده (٢٩):**

دادنووس لە کـاتی داواکردنـی لایەنەکـانی پەیوەنـدی وێـنەیەک لەو سـەنەدانەی کە لەلای بە دەسـتنووس یـان وێنەگـرتن هەڵگیـراوە، ڕادەسـتیان دەکـات، و بـۆی نـیە ڕادەسـتی کەسـانی دیکە بکات تەنیا بە داواکاریەکی لایەنی فەرمی یان دادوەریی.

## بەشی پێنجەم
## تۆمارکردنی ئامێرەکان

**مادده (٣٠):**

**یەکەم**: ئـامێر لەلای دادنووســی ئەو شـوێنەی کە دانـراوە لێــی، تۆماردەکرێت.

**دووەم**: هیچ ڕەفتارێکی یاسایی لەسەر ئامێر پەیدا نابێت، تەنیا دوای تۆمارکردنی لەلای دادنووسی تایبەتمەند.

**مادده (٣١)**

مانای ئامێر  بـۆ مەبەستەکانی ئەم یاسـایە بـریتیە لە جیهازێـک یـان کـۆمەڵە جیهـازێکی میکـانیکی کـار دەکـات بە وزەیەک یـان یارمەتیــدەرێکی نادەســتی، بەکاردێــت بــۆ مەبەســتەکانی پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان بەرهەمهێنان.

**مادده (٣٢):**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر ئامێری کۆگاکراو و ئامادەکراو بۆ مەبەستەکانی بازرگانی جێبەجێ نابێت تەنیا ئەگەر فرۆشرا.

**مادده (٣٣):**

مافی ئیمتیازی تایبەتی هاتوو لەسەر ئامێر بە ڕێککەوتنی خاوەنەکەی و قەرزدەر یان بە حوکمێکی دادوەریی یان بڕیارێکی یاسایی تۆمار دەکرێت، و پایەی مافی ئیمتیاز دەکەوێتە ڕێکەوتی تۆمارکردن بە ڕەچاوکردنی یاسا پەیوەندارەکان.

**مادده (٣٤):**

بڕوانامەی خاوەنداریەتی ئامێرەکان بەڵگەیە لەسەر هەموو خەڵکی بەوەی لێی نوسراوەتەوە، ئەگەر تانەی لێنەدرێت بە ساختەکردن.

**مادده (٣٥):**

داواکاری تۆمارکردنی ئامێرەکان بەشێوەی فۆرمێک کە بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت و بە واژۆی لایەنە پەیوەندارەکان یان ئەوانەی بە یاسا جێگرەوەیانن، لەگەڵ هاوپێچکردنی بڕوانامەی خاوەنداریەتی ئامێرەکە کە دەرچووێندراوە بەگوێرەی یاسا یان نوسراوێک یان سەنەدێک کە دەیسەلمێنێت ئامێرەکە کڕاوە لەلایەن لایەنێکی ڕێگەپێدراوە بە یاسا، پێشکەش دەکرێت، ئەمە بۆ ئەو ئامێرانەی کە پێشتر تۆمار نەکراون، لەگەڵ دانانی سەنەدە فەرمییەکان کە سەلمێنەری وەرگرتنی هەر مافێک یان ئیمتیازاتێکن لەسەر ئامێرەکە بۆ ئەوانەی ڕاسپێردراون.

**مادده (٣٦):**

دادنـووس بە یـاوەری فەرمانبەرێـک و شـارەزایەکی تایبەتمەنـد گەر پێویســت بکــات، هەڵدەســتێت بە ئەنجامــدانی پشــکنینی ئامێرەکە، بۆ نووسینەوەی وردەکارییەکانی تایبەت بە ئـامێرەکە و تایبەتمەنـدیە جیاکەرەوەکـانی و مـافە شایستەکان لەسـەری و پشتگیریکردنی کە دەکەوێـتە تایبەتمەنـدی فەرمـانگەکە بەپێـی شوێن.

**مادده (٣٧):**

نرخی کڕینـی هـاتوو لە مـامەڵەی تۆمـارکردنی ئـامێرەکە پشـتی پێدەبەسترێت بۆ مەبەستی وەرگرتنـی ڕەسم، و لە کـاتی بـاس نەکردنی نرخەکە یان بوونی گومان لە ڕاستیەکەی، ئەوا بەهـای ئـامێرەکە لەلایەن شـارەزایەکی تایبەتمەنـد یـان زیـاتر، بەپێـی پێویستی دۆخەکە کە دادنووس دیاری دەکات، دەخەمڵێنرێت.

**مادده (٣٨):**

مــامەڵەکە تۆمــار دەکرێــت لە تۆمــاری ئامێرەکــان بە گــوێرەی فۆڕمێــک کە بە ڕێنمــایی دیــاری دەکرێــت، ئەویــش لە دوای تەواوکردنـی ڕێکـارە یاساییەکان و دانپێـدانانی گرێبەسـتکاران لەبەردەم دادنــــووس لەســــەر فــــۆرم و تۆمــــاری تــــایبەت بە هەڵسوکەوتی ئارەزومەندانە.

**مادده (٣٩):**

بڕاونامەیەک بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت و وەزیر دەریدەکات و بە خـــاوەنی ئـــامێرەکە دەدرێـــت کە خاوەنـــداریەتی و مـــاف و ئیمتیازاتی لێکەوت لەسەری لەخۆوە دەگرێت.

**مادده (٤٠):**

لەکاتی گواستنەوەی خاوەنـداریەتی ئـامێرەکە لەو شـوێنەی کە لێـــی تۆمـــارکراوە بـــۆ شـــوێنێک کە لە نێـــو تایبەتمەنـــدی فەرمـانگەیەکی دیـکەی دادنـووس دایە، دەبێـت خـاوەنەکەی ڕەزامەندی هەردوو فەرمانگە و قەرزدەر-خاوەن مـافی ئیمتیـاز- بۆ گواستنەوەی تۆمارەکەی وەرگرێت.

## بەشی شەشەم
## حوکمی سەنەدی ڕێکخراو و دۆکیومێنتکراو

**مادده (٤١):**

**یەکەم:** هەڵەی ماددی لە نووسین یان ژمێریاری کە لە نێو سەنەد ڕوو دەدات کاریگەری لەسەر ڕاستی سەنەدەکە نیە، دادنووس هەڵەکە ڕاست دەکاتەوە بە خەتلێدان لەسەر وشەکە یان دەستەواژەکەی کە هەڵەی تێدا کراوە بەشێوەیەک کە دەکرێت بخوێندرێتەوە، و وشە یان دەستەواژە ڕاستەکە لە پەراوێزی تۆمارەکە دەنووسێت و واژۆ و مۆری فەرمی لێ دەدات.

**دووەم:** ئەگەر هەڵەکە لەلایەن لایەنەکانی پەیوەندی روویدا، دادنووس دەتوانێت بە گوێرەی حوکمی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە لەسەر داواکاری لایەنەکان ڕاستی بکاتەوە و ڕاستکردنەوەکەش پتەو دەکرێت بە واژۆی لایەنە پەیوەندارەکان و دادنووس و لێدانی مۆری فەرمی لەسەری.

**سێیەم:** ئەو هەموارکردنانەی کە لایەنەکانی پەیوەندی داوای ئەنجامدانی دەکەن لەسەر سەنەدی ڕێکخراو یان دۆکیومێنتکراو بە سەنەدێکی نوێ دەکرێت.

**مادده (٤٢):**

سەنەدی ڕەسەنی ڕێکخراو یان دۆکیومێنتکراو لەلایەن دادنووس، پشتی پێ دەبەسترێت لە کاتی بزربوونی وێنەی هەڵگیراوی فەرمانگە، ئەگەر هاتوو فەرمانگەی دادنووسە تایبەتمەندەکە پشتگیری ڕێکخستن یان دۆکیومێنتکردنی بکات پاڵپشت بە تۆمارەکانی یان شێوە دەرەکیەکەی کە بەلای گومانەوە نەدەچوو لەلای ئەوان دەرچووە، دوای بەراوردکردنی مۆری فەرمانگە و واژۆی دادنووسە تایبەتمەندەکە لەلایەن ئەو دادگایەی کە سەیری کێشەکە دەکات دەربارەی ئەمە.

**ماددەی (٤٣):**

ئەو سەنەدەی کە پێشکەشی دادنووس دەکرێت، ئەگەر لەو ڕۆژەدا لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکان واژۆ نەکرێت، ئەوا دادنووس هەڵیدەوەشێنێتەوە و دەبێت ئەمە لە سەنەدەکە نیشانە بکرێت و لە دۆسیەی گشتی دوای واژۆکردن و لێدانی مۆری فەرمی هەڵدەگیرێت.

**مادده (٤٤):**

دادنووس دەتوانێت لەسەر داوای لایەنەکانی پەیوەندی ئەو سەنەدەی کە پێشکەشی کراوە پێش ڕێکخستنی یان دۆکیومێنتکردنی هەڵیبوەشێنێتەوە.

**مادده (٤٥):**

دادنـووس ناتوانێـت سـەنەدی ڕێکخـراو یـان دۆکیـومێنتکراو هەڵبوەشـێنێتەوە تەنیـا بە حـوکمێکی دادوەریـی یـان بە ڕێککەوتنـی لایەنەکـان، لەگەڵ ڕەچـاوکردنی حوکمەکـانی پەیوەست بە لابردنی بریکار.

**مادده (٤٦):**

ئەو سـەنەدانەی کە لەلایەن دادنـووس ڕێکخـراوە یـان دۆکیومێنتکراوە، هێزی جێبەجێکردنیان هەیە ئەگەر تانەیان لێ نەدرێت بە ساختەکردن.

# بەشی حەوتەم
# حوکمە کۆتاییەکان

**مادده (٤٧):**

پێڕاگەیاندنی یاسایی بۆ ئەو کارانەی دادنووس کە پێویستی پێیەتی بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣) ساڵی ١٩٦٩ ئەنجامدەدرێت.

**مادده (٤٨):**

ئەوەی بە دادنووس دادەمەزرێت دەرماڵەیەکی پێدەدرێت بەرێژەی (٢٥٪) لە سەدی پیست و پێنج لە مووچەکەی.

**مادده (٤٩):**

یاسای دادنووسان ژمارە (٢٧)ی ساڵی ١٩٧٧، و یاسای تۆمارکردنی ئامێرەکان ژمارە (٣١) ساڵی ١٩٣٩، و پەیڕەوی پێکهاتەی فەرمانگەی دادنووسان ژمارە (٢٩) ساڵی ١٩٧٧، و پەیڕەوی تۆمارکردنی ئامێرەکان ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٥٢، هەڵدەوەشێنرێنەوە.

**مادده (٥٠):**

وەزیر دەتوانێت رێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات، و رێنمایی دەرچوو بەپێی دوو یاسا و دوو پەیڕەوی هەڵوەشاوە بەگوێرەی مادده (٤٩)ی ئەم یاسایە بەرکارە تا ئەو کاتەی دەردەچوێنرێت ئەوەی جێگایان دەگرێتەوە یان هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**مادده (٥١):**

ئەم یاسایە جێبەجێدەکرێت دوای (٩٠) رۆژ لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی.

## هۆكارەكانی دەرچوواندن

به ئامانجی ڕێكخستنەوەی فەرمانگەكانی دادنووسان بەگوێرەی بنەمای زانستی و پێشكەوتوو، و دیاریكردنی تایبەتمەندیان و ئەركەكانیان لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانكاریانەی كە لەلایەنی ئابووری وكۆمەڵایەتی و یاسایی ڕوویداوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو مامەڵانەی كە ئەنجامدەدرێن لەلایەن ئەو فەرمانگانە، و لە پێناو سوود وەرگرتن لە كارە جێبەجێكراوەكان بە كردەیی لە ماوەی ڕابردوو لە كاتی جێبەجێكردنی حوكمەكانی یاسای دادنووسان ژمارە (٢٧) ساڵی ١٩٧٧ و پەیڕەوی پێكهاتەی فەرمانگەی دادنووسان ژمارە (٢٩) ساڵی ١٩٧٧ و یاسای پەیوەندارەكان بە كارەكانی دادنووسان كە لەگەڵ گۆڕانكارییەكان هەڵناكەن، و بەمەبەستی چاوخشاندنەوە بە حوكمەكانی یاسای تۆماركردنی ئامێرەكان ژمارە (٣١) ساڵی ١٩٣٩، و پەیڕەوی تۆماركردنی ئامێرەكان ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٥٢ كە گونجاو نیە بۆ بارودۆخی نوێی پێشكەوتوو، و وای لێبكرێت وەڵامدەرەوەی قۆناغی ئێستا بێت كە عێراق پێیدا دەڕوات و ژمارەیەكی زۆری ئامێر تۆماردەكرێت لە فەرمانگەكانی دادنووسی، و بۆ تێكهەڵكێشكردنی حوكمەكانی تۆماركردنی ئامێرەكان لە نێو یاسایەكی یەكگرتوو بۆ دادنووسان بۆ ئەوەی ببێتە یەک بابەت و ئاسان جێبەجێ بكرێت، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

# قانون

# كتـاب الـعـدول

## رقم (٣٣ ) لسنه ١٩٩٨

## النافذ والمعدل في إقليم كوردستان- العراق

## بالقانون رقم (١٦) لسنة ٢٠١٢

استنادًا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور، قرر مجلس قيادة الثورة اصدار القانون الاتي:

# قانون كتاب العدول

## رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨

## الفصل الاول

## الاهداف

**المادة (١):**

يهدف هذا القانون الى ما يأتي :

**أولاً**: تنظيم وتوثيق التصرفات القانونية وتثبيت الحقوق الناشئة عنها واضفاء الصفة الرسمية عليها .

**ثانياً**: ضمان الحماية للتصرفات القانونية التي يتم تنظيمها وتوثيقها من الكاتب العدل .

**ثالثاً**: تنظيم اسلوب العمل في دوائر الكتاب العدول وفق اسس عملية بما يكفل الدقة والسرعة في الانجاز .

## الفصل الثاني
## التشكيلات الادارية

**المادة (٢):**

**أولاً**: تشكل دائرة تسمى دائرة الكتاب العدول ترتبط بوزارة العدل.

**ثانياً**: يرأس دائرة الكتاب العدول مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون على ان تكون له ممارسة قضائية او قانونية مدة لا تقل عن (١٢) اثنتي عشرة سنة .

**المادة (٣):** (٥)

**أولاً**: - تتكون دائرة الكتاب العدول من الاقسام الاتية:

أ- قسم الشؤون القانونية .

ب- قسم الشؤون الادارية .

ج- قسم الشؤون المالية .

د- قسم التخطيط والاحصاء .

**ثانياً**: تحدد مهام اقسام الدائرة وشروط من يديرها بتعليمات .

---

(٥) للمعلومة، ورد في قانون انفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان – العراق، رقم (١٦) لسنة ٢٠١٢، المادة (٣) وتنص على (تحل مؤسسات ودوائر اقليم كوردستان ـ العراق وشاغلوا المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها أينما ورد ذكرها في هذا القانون).

**المادة (٤):**

تشكل في دائرة الكتاب العدول هيئة استشارية برئاسة المدير العام وعضوية اثنين من الكتاب العدول واثنين من مدراء الاقسام، وتتولى ما يأتي:

**أولاً**: تعيين اختصاصات الكاتب العدل في توثيق المعاملات عند حصول خلاف او نزاع بهذا الشأن .

**ثانياً**: اقتراح تشكيل دائرة كاتب عدل او دمجها بدائرة مماثلة او الغائها .

**ثالثاً**: اقتراح منح صلاحية الكاتب العدل لمن تتوافر فيه الشروط القانونية المنصوص عليها في هذا القانون .

**رابعاً**: دراسة اية معاملة تحال عليها من المدير العام لابداء الراي فيها.

**المادة (٥):**

**أولاً**: تشكل في مركز كل محافظة دائرة كاتب عدل او اكثر .

**ثانياً**: يجوز تشكيل دائرة كاتب عدل في اي من الاقضية والنواحي .

**ثالثاً**: يعين كاتب عدل او اكثر في كل دائرة كاتب عدل حسب الحاجة ويحدد المدير العام ارتباطهم بواحد منهم ادارياً .

**رابعاً**: يرتبط الكاتب العدل في مركز المحافظة بدائرة الكتاب العدول .

**خامساً**: ترتبط دوائر الكتاب العدول في القضاء والناحية بدائرة الكاتب العدل في مركز المحافظة .

**سادساً**: تشكل دائرة الكاتب العدل وتدمج وتلغى ببيان يصدره الوزير وينشر في الجريدة الرسمية.

**المادة (٦):**

يعين الكاتب العدل بأمر من الوزير على ان تتوافر فيه الشروط الاتية اضافة الى الشروط العامة للتعيين:

**أولاً**: ان يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية في القانون .

**ثانياً**: ان يجتاز دورة في المعهد القضائي لا تقل مدتها عن (٣) ثلاثة اشهر .

**ثالثاً**: للوزير تعيين المعاون القضائي الممنوح صلاحية الكاتب العدل كاتباً عدلا اذا مضت على منحه هذه الصلاحية مدة لا تقل عن سنة واحدة استثناء من احكام البند ثانياً من هذه المادة .

**المادة (٧):** (٦)

- لوزير العدل منح صلاحية الكاتب العدل الى عضو الادعاء العام أو المنفـذ العـدل أو مـدير رعايـة القاصـرين شـرط ممارسـته الأعمال القانونية لمدة لا تقل عن سنتين.
- لوزير العدل منح صلاحية الكاتب العدل الى المحقق العـدلي او المعاون القضائي من منتسبـي وزارته شـرط ممارسـته الأعمـال القانونية لمدة لا تقل عن سنتين.

**المادة (٨):**

يحلف الكاتب العدل او المعاون القضائي الممنوح صلاحية كاتـب العدل اليمين الاتية امام الوزير او من يخوله قبل ممارسة العمل . (**اقسم بالله ان اؤدي اعمال وظيفتي واطبق القوانين بالعدل** ).

**المادة (٩):**

يتولى مدير الدائرة القانونية فـي الـوزارة المعنيـة او الجهـة غيـر المرتبطة بوزارة او من يخوله من المـوظفين القـانونيين تصـديق العقود والتعهدات والكفلات ذات العلاقة بـالوزارة او الجهـة غيـر المرتبطة بوزارة بدلا من الكاتب العدل .

**المادة (١٠):**

يعد القنصل العراقي كاتباً عدلا لاغراض هذا القانون .

---

(٦) الغي ضمنياً نص المادة (٧) من قانون كتـاب العـدول رقـم (٣٣) لسـنة ١٩٩٨، وحـل محلـه الـنص اعلاه بموجب المادتان (٥) و (٦) من قانون انفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العـدول رقـم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان – العراق، رقم (١٦) لسنة ٢٠١٢.

## الفصل الثالث

## مهام الكاتب العدل

**المادة (١١):**

يمارس الكاتب العدل ما ياتي:

**أولاً**: تنظيم وتوثيق التصرفات القانونية كافة الا ما استثنى بنص خاص ويقصد بالتنظيم والتوثيق:

أ- **التنظيم**: تدوين السند مباشرة من الكاتب العدل حسب طلب ذوي العلاقة على اوراق معدة لهذا الغرض، مع مراعاة ما تنص عليه القوانين الخاصة بهذا الشأن .

ب- **التوثيق**: تصديق الكاتب العدل على تواقيع او بصمة ابهام كل من ذوي العلاقة في السند المنظم منهم وعلى اعترافهم بمضمونه .

**ثانياً**: المصادقة على الوكالات .

**ثالثاً**: المصادقة على الترجمة بعد تحليف المترجم اليمين على صحة الترجمة .

**رابعاً**: تسجيل التصرفات القانونية الواردة على المكائن وفق الاجراءات المنصوص عليها في هذا القانون .

**خامساً** : المصادقة على المقدرة المالية للكفيل في توثيق الكفالات وفق الاتي:

أ- اذا قدم الكفيل تائيداً بمقدرته المالية من الجهات المخولة بذلك حسب احكام قوانينها الخاصة .

ب- اذا كان الكفيل من العاملين في دوائر الدولة او متقاعداً بعد التأييد من مرجعه وتتحدد الكفالة بمبلغ لا يتجاوز مجموع ما يتقاضاه من رواتب ومخصصات ثابتة لمدة سنة .

ج- اذا قدم الكفيل كفالة عينية او كفالة مصرفية .

**سادساً**: للكاتب العدل حسب قناعته تأييد المقدرة المالية للكفيل بحدود (١,٥٠٠,٠٠٠) مليون وخمسمائة الف دينار(٧).

**المادة (١٢):**

اذا قدم الكفيل عقاراً لضمان الدين يراعى ما ياتي:

**أولاً**: يطلب الكاتب العدل من دائرة التسجيل العقاري ما يؤيد عائدية العقار وبيان الحقوق العينية الاصلية والتبعية والحجوزات المترتبة عليه ان وجدت مع صورة سجل حديثة للعقار .

**ثانياً**: تستحصل دائرة الكاتب العدل موافقة الجهة طالبة الكفالة في حالة وجود ديون او حجوزات مؤشرة على العقار لتحديد درجة الدين .

---

(٧) اوقف العمل بنص الفقرة سادسا من المادة (١١) من قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨، وحل محله النص اعلاه بموجب المادة (٤) من قانون انفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان – العراق، رقم (١٦) لسنة ٢٠١٢.

**ثالثاً**: يطلب الكاتب العدل من دائرة التسجيل العقاري اخذ اقرار الكفيل بوضع العقار ضمانا للدين ووضع اشارة الحجز ثم اشعاره بذلك .

**رابعاً**: يقوم الكاتب العدل بتصديق الكفالة وتزويد دائرة التسجيل العقاري بنسخة منها ويكون لهذه الكفالة حكم الرهن التأميني .

**المادة (١٣):**

**أولاً**: يتم الغاء الكفالة بطلب من الجهة المستفيدة منها الى دائرة الكاتب العدل او بحكم قضائي .

**ثانياً**: عند مضي (١٥) خمس عشرة سنة على توثيق الكفالة وعدم ورود تأييد من الجهة المستفيدة بالغائها او اذا كانت تلك الجهة غير معلومة فيتم ايداع مبلغ الكفالة امانة في صندوق دائرة الكاتب العدل المختصة باسم الجهة المستفيدة، ثم يتم الغاء الكفالة ويؤول المبلغ الى خزينة الدولة بعد مضي المدة القانونية.

**المادة (١٤):**

**أولاً**: يقبل الكاتب العدل الودائع النقدية والعينية والسندات وفق الاتي:

أ- يتم قبول الايداع وفق شروط الايداع المثبة من المودع .

ب- للكاتب العدل ايداعها على نفقة المودع لدى شخص ثالث .

ج- لا يجوز تسليم الوديعة خلافاً لشروط الايداع .

د- لا يجوز للمودع سحب الوديعة بعد تبليغ من اودعت لحسابه الا بموافقة او بحكم قضائي .

**ثانياً**: عند مرور (٣) ثلاث سنوات على ايداع المبالغ النقدية وعدم مراجعة صاحب العلاقة لتسلمها بعد تبليغه يتم قيدها ايراداً للخزينة .

**المادة (١٥):**

لا يجوز للكاتب العدل:

**أولاً**: تنظيم او توثيق السندات التي تعود له او لزوجه او لصهره او لقريبه لغاية الدرجة الثالثة، او انتخاب احد هؤلاء شاهداً او خبيراً او مترجماً .

**ثانياً**: تنظيم او توثيق اي سند مخالف لاحكام القانون او النظام العام او الاداب .

**ثالثاً**: تنظيم او توثيق العقود التي تتعلق بالتصرفات العقارية او اي تصرف يفرض القانون لانعقاده شكلا معيناً .

**رابعاً**: تزويد اية جهة عدا اطراف العلاقة بالمعلومات التي تتضمنها السجلات الا بطلب من جهة رسمية او قضائية .

## الفصل الرابع
## اجراءات التنظيم والتوثيق

**المادة (١٦):** (٨)

**أولاً**: تكون اللغة الكوردية والعربية اللغة الرسمية في تقديم السندات وتوثيقها في اقليم كوردستان ـ العراق .

ثانياً: تكون اللغة الكوردية أو العربية لغة تنظيم السندات وتوثيقها في اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثالثاً**: للكاتب العدل توثيق السندات وتدوينها بلغة أجنبية بعد الاطلاع على مضمونها بواسطة مترجم محلف .

**المادة (١٧):**

**أولاً**: ينظم ويوثق السند بتدوينه كتابة باليد او الالة الكاتبة ثم يدرج في سجل خاص او بموجب النماذج المعتمدة من الوزارة بعدد اطراف العلاقة على ان يحتفظ الكاتب العدل بالنسخة الاولى من السند الذي يوثقه ويحفظ في اضبارة عامة تعد سجلا لهذا الغرض.

**ثانياً**: تعد النسخ المنظمة او الموثقة التي تحتوي على اصل تواقيع اطراف العلاقة نسخاً اصلية.

---

(٨) اوقف العمل بنص المادة (١٦) من قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨، وحل محله النص اعلاه بموجب المادة (٢) من قانون انفاذ وتعديل تطبيق قانون كتاب العدول رقم (٣٣) لسنة ١٩٩٨ في اقليم كوردستان – العراق رقم (١٦) لسنة ٢٠١٢.

**المادة (١٨):**

يثبت الكاتب العدل الاسم الثلاثي واللقب ومحل اقامة ذوي العلاقة في السندات التي ينظمها او يوثقها .

**المادة (١٩):**

يعرف اشخاص اطراف العلاقة بالاستناد الى الوثائق المعتمدة ويثبت ذلك في السند .

**المادة (٢٠):**

على الكاتب العدل ان يتاكد عند تنظيمه او توثيقه اي سند من خلوه من شائبة التزوير او التحريف، وعليه ان يرفض تنظيمه او توثيقه اذا ظهر فيه شيء من ذلك او اذا اتضح ان الشروط المنصوص عليها قانوناً لتوثيقه لا تتوافر فيه .

**المادة (٢١):**

تكون كتابة السندات واضحة لا يتخللها حك او اضافة او شطب او فراغ .

**المادة (٢٢):**

لا يجوز للكاتب العدل تنظيم او توثيق اي سند الا بعد حضور اطراف العلاقة انفسهم او من ينوب عنهم قانوناً وتأكده من هوية كل منهم واهليته وصفته وصلاحيته تثبيت ذلك على السند.

**المادة (٢٣):**

يجب على الكاتب العدل قراءة السند على اطراف العلاقة وافهامهم مضمونه وبعد موافقتهم وتوقيعهم عليه يقوم الكاتب العدل بتصديقه وختمه بالختم الرسمي ويذكر التاريخ بالحروف والارقام معاً بعد استيفاء الرسوم المقررة قانوناً .

**المادة (٢٤):**

اذا كان احد اطراف العلاقة اصم او ابكم وعجز عن فهم محتويات السند يقوم الكاتب العدل بافهامه محتوياته والتأكد من تأييده لها بدلالة احد الاشخاص الذين يعرفون اشاراته المعهودة بعد تحليفه اليمين بحضور شاهدين يوقعان على السند.

**المادة (٢٥):**

اذا كان احد اطراف العلاقة عاجزاً عن التوقيع يقوم الكاتب العدل بتثبيت ذلك في السند مع بيان السبب بحضور شاهدين يوقعان على السند .

**المادة (٢٦):**

يحتفظ الكاتب العدل بصورة من السندات او الوثائق التي تخول احد اطراف العلاقة القيام باعمال قانونية بعد الاطلاع على الاصل وتثبيت ذلك في السند .

**المادة (٢٧):**

للكاتب العدل بناءاً على عذر مشروع تنظيم او توثيق السندات خارج دائرته بطلب من اطراف العلاقة .

**المادة (٢٨):**

للكاتب العدل تصديق السند الرسمي غير المسجل لديه عند تعذر تصديقه من مرجعه المختص بعذر مشروع ويحتفظ الكاتب العدل بصورة السند ويسلم صاحب العلاقة السند الرسمي المبرز وصورته المصدقة .

**المادة (٢٩):**

يسلم الكاتب العدل الى ذوي العلاقة عند طلبهم صورة من السندات التي يحتفظ بها كتابة باليد او بتصويرها ولا يجوز له تسليمها الى غيرهم الا بطلب من جهة رسمية او قضائية .

## الفصل الخامس
## تسجيل المكائن

**المادة (٣٠):**

**أولاً**: تسجل الماكنة لدى الكاتب العدل في المنطقة الموجودة فيها.

**ثانياً**: لا تنعقد التصرفات القانونية على الماكنة الا بتسجيلها لدى دائرة الكاتب العدل المختصة.

**المادة (٣١):**

يقصد بالماكنة لاغراض هذا القانون جهاز او مجموعة اجهزة الية تعمل باية طاقة او واسطة غير يدوية تستخدم للاغراض الصناعية او الزراعية او الانتاجية .

**المادة (٣٢):**

لا تخضع لاحكام هذا القانون المكائن المخزونة والمعدة لاغراض التجارة الا اذا بيعت .

**المادة (٣٣):**

تسجل حقوق الامتياز الخاصة الواردة على الماكنة باتفاق مالكها والدائن او بحكم قضائي او قرار قانوني وتكون مرتبة الامتياز من تاريخ التسجيل مع مراعاة القوانين ذات العلاقة .

**المادة (٣٤):**

تعتبر شهادة ملكية المكائن حجة على الناس كافة بما دون فيها ما لم يطعن فيها بالتزوير .

**المادة (٣٥):**

يقدم طلب تسجيل المكائن بصيغة استمارة تحدد بتعليمات موقعة من ذوي العلاقة او من ينوب عنهم قانوناً ترفق به شهادة ملكية الماكنة الصادرة وفق القانون او الكتاب او السند الذي يثبت شراء الماكنة من جهة مخولة قانوناً بالنسبة للمكائن غير المسجلة سابقاً والسندات الرسمية التي تثبت اكتساب اي حق او امتياز على الماكنة من الجهة المخولة بذلك

**المادة (٣٦):**

يقوم الكاتب العدل باجراء الكشف على الماكنة بصحبة احد الموظفين وخبير مختص ان اقتضى ذلك لتدوين التفاصيل المتعلقة بها والاوصاف المميزة لها والحقوق المترتبة عليها وتأييد وقوعها ضمن الاختصاص المكاني للدائرة .

**المادة (٣٧):**

يعتمد بدل الشراء الوارد بمعاملة تسجيل الماكنة لاغراض استيفاء الرسوم وعند عدم ذكر هذا البدل او الشك في صحته يتم تقدير قيمة الماكنة من خبير مختص واحد او اكثر حسب مقتضى الحال يتم اختيارهم من الكاتب العدل .

**المادة (٣٨):**

تسجل المعاملة في سجل المكائن وفق نموذج يحدد بتعليمات بعد استكمال اجراءاتها القانونية واقرار المتعاقدين امام الكاتب العدل في الاستمارة والسجل في التصرفات الرضائية .

**المادة (٣٩):**

يزود صاحب الماكنة بشهادة تحدد بتعليمات يصدرها الوزير تتضمن ملكيتها والحقوق والامتيازات المترتبة عليها .

**المادة (٤٠):**

عند نقل ملكية الماكنة من المحل المسجلة فيه الى محل تابع لاختصاص دائرة كاتب عدل اخر فعلى مالكها ان يحصل على موافقة الدائرتين والدائن صاحب حق الامتياز لنقل سجلها .

## الفصل السادس

## حكم السندات المنظمة والموثقة

**المادة (٤١):**

**أولاً**: لا يؤثر في صحة السندات ما يقع فيها من اخطاء مادية بحتة كتابية او حسابية، ويتولى الكاتب العدل تصحيح هذا الخطا بالشطب على الكلمة او العبارة التي وقع الخطأ فيها بحيث يمكن قراءتها وتكتب الكلمة او العبارة الصحيحة في هامش السجل ويوقعه ويختمه بالختم الرسمي .

**ثانياً**: اذا وقع الخطأ من اطراف العلاقة فلكاتب العدل تصحيحه وفق حكم البند (أولاً) من هذه المادة بناءاً على طلب منهم على ان يعزز التصحيح بتواقيع اطراف العلاقة والكاتب العدل ويختم بالختم الرسمي .

**ثالثاً**: تتم التعديلات التي يطلب اطراف العلاقة ادخالها على السند المنظم او الموثق بسند جديد .

**المادة (٤٢):**

يعتد بالسند الاصلي المنظم او الموثق من الكاتب العدل عند فقدان نسخة الدائرة اذا ابدت دائرة الكاتب العدل المختصة تنظيمه او توثيقه منها استناداً الى سجلاتها او اذا كان مظهره الخارجي لا يتطرق اليه الشك في صدوره عنها بعد ان تتم المضاهاة على ختم الدائرة وتوقيع الكاتب العدل المختص من المحكمة التي تنظر النزاع بشان ذلك .

**المادة (٤٣):**

يبطل الكاتب العدل السند المقدم اليـه اذا لـم يوقـع مـن اطـراف العلاقة في اليوم ذاته على ان يؤشر ذلك على السند ويحفظ في الاضـبارة العامـة بعـد التوقيـع عليـه مـن الكاتـب العـدل وختمـه بالختم الرسمي .

**المادة (٤٤):**

للكاتب العدل بناءاً على طلب اطراف العلاقة ابطال السند المقدم اليه قبل التنظيم او التوثيق .

**المادة (٤٥):**

لا يجوز ابطال السندات المنظمة او الموثقة من الكاتب العـدل الا بحكم قضائي او باتفـاق الطـرفين مـع مراعـاة الاحكـام المتعلقـة بعزل الوكيل .

**المادة (٤٦):**

للسندات المنظمة او الموثقة من الكاتب العدل قوة تنفيذية ما لم يطعن فيها بالتزوير .

## الفصل السابع

## أحكام عامة

**المادة (٤٧):**

تجري التبليغات القانونية التي تتطلبها اعمال الكاتب العدل وفق احكام  قانون المرافعات المدنية المرقم بـ ٨٣ لسنة ١٩٦٩ .

**المادة (٤٨):**

يمنح من يعين بوظيفة الكاتب العدل مخصصات مقدارها ٢٥% خمس وعشرون من المئة من الراتب .

**المادة (٤٩):**

يلغى  قانون الكتاب العدول المرقم بـ ٢٧ لسنة ١٩٧٧ و قانون تسجيل المكائن المرقم بـ ٣١ لسنة ١٩٣٩ ونظام تشكيلات دائرة الكتاب العدول المرقم بـ ٢٩ لسنة ١٩٧٧ و  نظام تسجيل المكائن المرقم بـ ٦٥ لسنة ١٩٥٢ .

**المادة (٥٠):**

للوزير اصدار تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، وتبقى التعليمات الصادرة بموجب القانونين والنظامين الملغيين بموجب المادة ٤٩ من هذا القانون نافذة لحين صدور ما يحل محلها او يلغيها .

**المادة (٥١):**

ينفذ هذا القانون بعد ٩٠ تسعين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

**الاسباب الموجبة**

بغية اعادة تنظيم دوائر الكتاب العدول وفق اسس علمية متطورة وتحديد اختصاصاتها ومهامها وفق المتغيرات التي شملت النواحي الاقتصادية والاجتماعية والقانونية وانعكست على المعاملات التي تنجزها هذه الدوائر، ولاجل الاستفادة من التطبيقات العملية للفترة الماضية من تنفيذ احكام قانون الكتاب العدول المرقم بـ ٢٧ لسنة ١٩٧٧ ونظام تشكيلات دائرة الكتاب العدول المرقم بـ ٢٩ لسنة ١٩٧٧ والقوانين ذات العلاقة باعمال الكتاب العدول التي لم تعد تواكب تلك المتغيرات، وبغية اعادة النظر في احكام قانون تسجيل المكائن المرقم بـ ٣١ لسنة ١٩٣٩ و نظام تسجيل المكائن المرقم بـ ٦٥ لسنة ١٩٥٢ التي اصبحت قاصرة امام الظروف الجديدة المتطورة وجعلها تستجيب للمرحلة التي يمر بها العراق وتستوعب العدد الكبير من المكائن التي اصبحت تسجل في دوائر الكتاب العدول وادماج احكام تسجيل المكائن ضمن قانون موحد للكتاب العدول تحقيقاً لوحدة الموضوع وتسهيلا للتطبيق، شرع هذا القانون.

# پاشکۆ

## مادده یاساکانی تری پەیوەست

## بە کاری دادنووس

یاسادانەر  لە دارشتنی یاسای دادنووسان ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٩٨ شـێوازی کـورت و پـوختی هەڵبـژاردووە و نەچـووەتە نێـو وردەکاریەکـان، بەمەبەسـتی سـنووردارنەکردنی کارەکـانی دادنووسان و ڕێگەدان بە دادنووسان بـۆ ئەوەی خۆیـان بە دوای وردەکـاری و ئەو مـاددە یاسـایانەدا بگەڕێـن کە پەیوەسـتە بە کارەکانی دادنووس، بە واتایەکی تر هەندێک ماددەی یاسـایی لە یاسای دادنووسان  بە شێوەی گشتگیر  داڕشـتنی بـۆ کـراوە و لە هەندێک بابەتیش ڕێکخستنەکەی بۆ یاسای تر جێهێڵدراوە، بۆیە لێرەدا زۆر بە کورتی تیشک دەخەینە سەر بـابەت و ژمـارەی ئەو مـاددە یاسـایانەی کە پەیوەسـتن بە کـاری دادنـووس لە یاسـا بەرکارەکان، لەمەشـدا وەکـو سـەرچاوەیەکی سـەرەکی پشـتمان بەستووە بە کتێبی (مواد قانونية  متعلقة  بمهام الكاتـب العـدل) کە لەلایەن بەڕێز دادنووس (محمد فتح الله كريم) ئامـادەکراوە، بێگومان مەبەستیشمان لەم کارە، تا دەکرێـت، کـۆکردنەوەی ئەو ماددە یاسایانەیە کە پەیوەسـتن بە کـاری دادنـووس، و لە کـاتی پێویستدا دادنووسان بتوانن بە خێرایی بگەڕێنەوە سەر یاسـاکە و ماددە یاساییەکەی پەیوەست بە کارەکەیان.

## یەکەم

## یاسای شارستانی عێراقی

## ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو

١- ئەو کەســانەی دوو پەککەوتەیــان هەیە: بــۆ نمــونە ئەگەر یەکێک نابیست و توانای قسەکردنی نەبوو یان نابیست و نابینا بوو ... تاد یاسای دادنووسان چارەسەری ئەمەی نەکردووە، بۆیە بۆ ئەمە دەبێت بگەڕێینەوە سەر مادده (١٠٤) لە یاسای ناوهاتوو.

٢- گرێبەســتی ڕاوەســتاو لەســەر مەرجێــک، نمــونەی ئەمە بریکارنامە کە گرێبەستێکە لە نێوان بریکار و بریکاردەر، دەکرێت وەستاو بێت لەسەر ڕێکەوتێک لە ئایندە، بەڵام بریکار نابێت هیچ کارێک بکات تا دەگاتە ڕێککەوتەکە. مادده (٢٩٣) لە یاسای سەرەوە.

٣- هۆشداری: لە کارەکانی دادنووسە، و لە ماددەکانی (١٧٧، ١٧٨، ٢٥٧، ٥٤٧، ٥٥١، ٥٧٢، ٧٤١، ٧٨٣، ٧٥٤، ٧٨٧، ٧٨٢، ٨٧٣، ١١٣٨، ١٠٣٦) لە یاسای ناوهاتووی سەرەوە بۆ هەندێک بارودۆخ هاتووە، کە دەبێت دادنووس ئاشنا بێت پێیان.

٤- گرێبەستی بەڵێندەری و دروستکاری: لە ماددەکانی (٨٦٤، ٨٦٥، ٨٦٧، ٨٦٩، ٨٧٠، ٨٧١، ٨٧٣، ٨٨٢) یاسای شارستانی باس لەم بابەتە کراوە و دەبێت دادنووس ئاگایی هەبێت لەمە.

٥- گرێبەستی کار: دەبێت دادنووس زانیاری لەسەر یاسای کار و یاسای شارستانی بەدیاریکرای ماددەکانی (٩٠٠، ٩٠٠٢، ٩٠٠٦، ٩٠٧، ٩٠٩، ٩١٠، ٩١١، ٩١٢، ٩١٣، ٩١٧، ٩٢٠، ٩٢٣) هەبێت.

٦- حوکمەکانی بریکارنامە: ماددەکانی (٩٢٧، **٩٣٠**، ٩٣١، ٩٣٢، ٩٣٣، ٩٣٧، ٩٣٨، ٩٣٩، ٩٤٢، ٩٤٦، ٩٤٧) باس لە حوکمەکانی بریکارنامە دەکەن، بەڵام ماددە (١٩٦) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی ١٩٧١، ماددە (٩٣٠) ئاماژەپێکراو لە سەرەوە، سنووردار کردووە، بەوەی بریکارنامە بۆ خانووبەرە دەبێت بریکاردەر و بریکار شایستەیی تەواویان هەبێت.

٧- حوکمەکانی دەستەبەری: ماددەکانی (١٠٠٨، ١٠٠٩، ١٠١٠، ١٠١٣، ١٠١٧، ١٠٢٥، ١٠٣٠، ١٠٣١، ١٠٣٦، ١٠٤٦) پەیوەستن بەم بابەتەوە.

## دووەم

## یاسای دادبینی شارستانی

## ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ ی هەموارکراو

هەندێک بابەت لە یاسای دادبینی شارستانی پەیوەندارن بە کاری دادنووس، یەکێک لەو کارانە بابەتی پێڕاگەیاندنە کە لە ماددە (٤٧) یاسای دادنووساندا هاتووە، بۆیە بەگشتی ماددەکانی (١٣، ١٤، ١٥، ١٦، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣، ٥١، ٥٢، ١٦٩، ٢٣٥، ٢٧٧، ٢٧٩، ٢٨٦، ٢٨٧، ٣٠١) لە یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە، گرنگن بۆ کاری دادنووس.

## سێیەم

## یاسای سەلماندن

## ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو

ماددەکانی (٣٦، ٤٢) باسی سەنەد و سەنەدی ساختە و هەبوونی مۆر لەلای کەسێکی پەکەوتوو بۆ گوزارشتکردن لە ویستی دەکات، بۆیە زانیاری دادنووس بەو بابەتانە بەشێکن لە کارەکەی.

## چوارەم
## یاسای باری کەسی
## ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو

بــابەتی پێــدانی بریکارنــامە بــۆ ئەنجامــدانی گرێبەســتی هاوســەرگیری و بــابەتی تەلاق و نێوبژیــوانی و تــوێژینەوەی کـۆمەڵایەتی و بەڵێننـامەی بە خێـوکردنی منـداڵی بـێ بـاوک و پێسپێرنامە، بابەت گەلێکن کە دەبێت دادنووس زانیاری هەبێـت لە بارەیــانەوە، لەماددەکــانی (٤، ٣٤، ٥٧، ٦٥، ٦٦) بــاس لەمــانە کراوە.

## پێنجەم
## یاسای بنەمای دادگاییکردنی سزایی
## ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموارکراو

ماددەکانی (١١٤، ٣١٧، ٣١٨، ٣١٩،٣٢٠) لە یاسای ئاماژەپێکراو، باس لە بابەتی دەستەبەری و بەڵێننامە دەکات، بۆ نمونە کەسێک بـۆ ئــازادکردنی داوای دەســتەبەریەکی دارایــی لــێ دەکرێــت و کـاتەکەش گونجـاو نـیە بـۆ تەواوکردنـی کـارەکە، لەم حـالەتە دەبێت رێنمایی کەسەکە بکرێت کە دەبێت گـوژمەکە لە دادگـاکە یان بنکەی پۆلیس دابنێت بۆ ئەوەی رۆژی دواتر دەستەبەریەکە

تەواو بکرێت. و بەڵێننامەی پاراستنی ئاشتی بۆ نمونە لە نێوان دوو کەس دەبێت لە دادگا ڕێکبخرێت نەوەک لای دادنووس.

## شەشەم

## یاسای سزایی عێراقی

## ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو

بە گوێرەی ماددەکانی (٦٧، ٦٨) ئەگەر نەوجەوان یان مێرمنداڵ کەتنێکی کرد، ئەوا بۆ ئازادکردنی دەکرێت بەڵێننامە یان دەستەبەری لەلای دادنووس ئەنجامبدرێت پاڵپشت بە حوکمی مادده (١١/ یەکەم) لە یاسای دادنووسان. هەروەها لە ماددەکانی (٩٦، ٩٧، ٩٨) باس لە بێ بەشکردنی مەحکوم بە زیندانی هەتاهەتایی و کاتی و لە سێدارەدان دەکات لە هەندێک ماف، وەکو بێ بەشکردنیان لە پێسپێری و سەرپەرشتیاری و بریکاری، و یان قەدەغەکردن لە بەڕێوەبردن و هەڵسوکەوتکردن لەسەر سامانەکانی. و لە ماددەکانی (٢٥٩، ٢٩٠) باس لە سوێندنەخواردن لەبەردەم فەرمانبەری دەوڵەت لە کاتی یاسایی و پێویست و ڕێکخستنی سەنەدێک لە ڕێگەی فێڵێکەوە لەبەردەم فەرمانبەرێکی تایبەتمەند، بۆ ئەمانە دەبێت کەسی بەرامبەر تێبگەێنرێت کە ئەمە چ جۆرە تاوانێکە.

## حەوتەم

## یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە

## ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو

لە ماددەکـــانی (١٠، ٨٢، ١٩٦، ١٩٧، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠١، ٢٠١٣، ٢٤٦، ٢٤٨) باس لە هەندێک بابەتی گرنگ دەکات، لەوانە بـابەتی بریکارنـامە کە دەبێت هەردوولا شایستەیی تەواویان هەبێت لەگەڵ جـۆری بریکارنـــامەکە و نـــاوەڕۆکی و ئەو ســـەنەدانەی کە پشـــتی پێدەبەسترێت لەلای دادنووس.

## هەشتەم

## یاسای چاودێری ناکامەکان

## ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠

لە ماددەکانی (٣، ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٣٢، ٣٣، ٣٧، ٤٣) باس لە شایستەیی تەواوی ناکام دەکات لەگەڵ بابەتەکانی تایبەت بە هەڵسوکەوتی وەلی و وەسی و قەییم لە سامانی ناکام.

## نۆیەم

## یاسای بازرگانی

## ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو

ماددەکـــــانی (١٧، ٨٤، ٨٧، ٩٣، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١١١، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٨٠) کۆمەڵێــک بــابەت و وردەکــاری تــایبەت بە دەفـتەری رۆژانەی بازرگـان و سـپاردنی سپاردە و ڕێکخسـتنی کۆمپیاله لە خۆوەدەگرێت.

## دەیەم

## یاسای بەکرێدانی خانوو

## ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو

بابەتەکانی گرێبەستی بە کرێدانی خانووبەرە و لە هەندێک باردا بابەتی رادەستکردنی کرێ و هۆشداری چۆڵکردنی خانوو، ئەمانە چەند بابەتێکن پەیوەستن بە کارەکانی دادنووسان، و ماددەکانی (١ ، ٧ ، ١٠ ، ١٤، ١٧ ، ١٩ ) باسیان دەکات.

## یازدەیەم

یاسای کار

ژمارە (٣٧) ساڵی ٢٠١٥

گرێبەســـتی کـــار و مـــافی کرێکـــار و ڕێکخســـتنی بـــابەتە پەیوەندارەکان بەمە، یەکێکن لەو بابەتانەی کە دادنووس دەبێت بە ئاگا بێت لێی کە لە ماددەکـانی ( ١، ٧ ، ٩ ، ١٤ ، ١٦ ، ٣٠ ، ٣٧ ، ٣٨ ، ٤٣ ، ٤٤ ، ٥٥ ، ٥٦ ، ٦٧ ، ٩٦ ، ٩٨ ) باسیان دەکات، بەڵام سەبارەت بە کرێکاری بیانی، نابێت هیچ کارێکی بۆ بکرێت تا ڕێگەپێدان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت.

## دوازدەیەم

لە خشتەی خوارەوە ناوی چەند یاسایەک و مـاددە یاسـاییەکانی پەیوەست بە کاری دادنووس دەخەینەڕوو:-

| ز | ناوی یاساکە | ماددە یاساییەکان | بابەت |
|---|---|---|---|
| ١ | یاسای چاپەمەنیەکان ژمارە (٢٠٦) لە ١٩٦٨ | ١٤ | هەبوونی تۆمار |
| ٢ | یاسای دەڵالی ژمارە (٥٨) ساڵی ١٩٨٧ | ٩ | هەبوونی تۆمار |
| ٣ | یاسای یەکێتی مافپەروەرانی عێراقی ژمارە (١٣٧) ساڵی ١٩٨١ | ٢٣ | هەبوونی تۆمار |
| ٤ | یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ساڵی ١٩٨١ ی هەموارکراو | ٢٧ | دەستەبەری |
| ٥ | یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو | ٩١ ، ٩٩ ، ١٨٢ | بریکارنامە و گرێبەستی کۆمپانیا |
| ٦ | یاسای بازاری بەغدا بۆ پەراوی دارایی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٩١ | ١٤ | بریکارنامە |
| ٧ | یاسای مزاوەلەی پیشەی دەرمانساز ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٧٠هەموارکراو | ٥ | پەسەندکردنی سەنەدی کرینی دەرمانخانە |

| ز | ناوی یاساکە | ماددە یاساییەکان | بابەت |
|---|---|---|---|
| ٨ | یاسای بنەمای دادگاییکردنی تایفەی مەسیحی و موسەوی ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٥٠ | ١٧٨ | پێڕاگەیاندن |
| ٩ | یاسای راستاندنی واژۆکانی سەر سەنەد و بەڵگەنامەکان ژمارە (٥٢) ساڵی ١٩٧٠ | ١ ، ٢ ، ٧ ، ٨ | ڕاستاندن |
| ١٠ | پەیرەوی ناوی بازرگانی و تۆماری بازرگانی ژمارە (٦) ساڵی ١٩٨٥ | ٨ | بریکارنامە |

## تێبینی:

ئەو یاسـایانەی کە لەسـەرەوە ناویـان هـاتووە، وەکـو نمـونە خراونەتەڕوو، نەوەک بەشێوەی دەستنیشانکراو، بـۆیە بێگومـان یاسای دیکەی بەرکار لە ئێستادا یـاخود لە ئایندەدا، ئەگەر هەیە هەندێک لە کارەکانیان پەیوەست بن بە کاری دادنـووس، لەسـەر ئەم بنەمـایە دادنـووس لە هەر بـابەتێکی نـوێ، دەبێـت سـەیری یاسای بابەتەکە بکات گەر هەیبێت، پێش ئەوەی هیچ کارێکی بۆ بکات، بۆ ئەوەی کارەکانی کۆک بن لەگەڵ یاسادا.